www.kurdistannet.org 24-09-2002

# چاومان روون.. دڵمان شاد..!

***پەروا عەبدوڵڵا***

من بەتەنیا بووم، لەگەڵ ئەو دڵەی کە لەناو ئێش و ئازاردا سیس و ژاکاو و بەرەو هەوادا هەڵدەزنیم تاوەکو خۆم بگەیەنمە تیشکی خۆر و بەگەرمی ئەو خۆرە هەندێک رەوە ئێشی رەق بتوێنمەوە. لەگەڵ هەڵکشانما بەرەو ئەو خەیاڵەی کە ئومێدم پێوە پەیوەست کردبوو، دەنگێک دەهاتە بەرگوێم و پێی دەوتم چاوەڕوان بە! رەنگێگ چاوبڕکێکی لەگەڵ چاوەکانمی دەکردەوە، هەروەکو پێم بڵێت بەم زووانە هەندێک وشەی لەژێر هەڵکێشراو بەدیدەی سۆمای چاوت دەکەوێت. نەمدەزانی..!

هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە، کە چاوەنوارێم ببێتە شمشێرێکی ئەفغانی و "سیمرخ"ەکانی ناو گەردوونی پێ فەنابکەم و، تەنیا "بەیتوکە" موژدەهێنەرەکان بهێلمەوە. پەلەم بوو" پەلەی ئەوەم دەکرد کە چرکەیەک زووتر ئەو پەرتووکەی لەئاسمانەوە بۆمرۆڤایەتی دابەزیووە بیبینم...

کە ئەوەم بینی بیشزانم، مۆسکۆ چ ناوەندێکە؟

رۆما، چ گۆڕەپانێکە؟

ئەسینا، چ خواوەندێکە؟

کینیا چ وڵاتێکە؟

خانەکانی مێشم تۆونی چەند وتە و رستەیەکی بەپێزبوو. سەدەیەک بوو. تەواوی مرۆڤایەتیش چاوەڕوانی ئەم بەرهەمە نایابە بوون: "کولتووری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەرامبەر رۆژئاوا و شارستانیەتی ئەوروپا". منیش هەردەم سەیری ئاسمانم دەکرد، کە رەوە ژەرژەکان بەدەندوکیانەوە بۆم بهێنن، رۆژم لێببوو، بەمانگ و مانگم لێببوو بەساڵ و ساڵم لێببوو بەسەدە، بەڵێ من سەدەیەکم بەچاوەنواڕی بەسەربرد، هەتا ئەو کاتانەی کە خۆزگەکانم چرۆی کرد و ئاواتەکانیشم بوونە گوڵێکی گەشاوە و، (بەرگرینامە)ش، ئەو پەرتووکەی کە بەدەستی سەرۆکی ژیانەوە نووسراوە، گەیشتە دەستم.

منیش لەشاگەشکەلانی خۆشیدا، چاوەکانم کردەوە، بەئومێدێکی گەورەوە لەبناری کۆنترین و بەتەمەنترین شاری دنیادا، شەو و رۆژم گەیاندن بەیەک تا هەموویم خوێندەوە. بێگومان ئەو پرسیارانەی کە چەند ساڵ بوون لەمێشکم دا دەجوولانەوە، وردە لەگەڵ هەڵدانەوەی لاپەڕەکان و خوێندنەوەی وشەکان و بەسەرچوونی کات زیاتر وەڵامم دەبینی و دەرکم بە بەها و بایەخی ئەو پەرتووکە دەکرد.

پێنووس کەوتە سەر لاپەڕەی مێژوو.... بەڵێ لەم پەرتووکەدا وەڵامی پرسیارە بێ وەڵامەکانم بەردیدە دەکەوێت، ئەو راستیانەی کە خوڵقێنەرەکەی ئەم بەرهەمە دایناوە و بۆ ئێمە دەریایەکی بێ بنە!، ئەگەر مەلەوانیش نەزانین" دەتوانین بەسانایی لەناویدا تێپەڕبین و بگەین بەئاوات. جا پێویستە هەر زیندەیەکی هۆشمەند، ئەم راستییە بکاتە مایەی پێشبینیەک و ئەزموونێک، تاوەکو دوا ترپەی لێدانی دڵیش لەشکۆمەندی بگەڕێن و لەژێر زوڵم و زۆری و کەلەپچە و نەفرەتی شارستانێتی هاوچەرخ تێک نەشکێین هەتاوەکو ورە و هێزمان تێربکات و بەها و بایەخ بەهەڵوێستی سیاسیانە بدەین و بەراستە رێی ئازادی و ئاشتییەکی شەرەفمەندانە و ژیانێکی برایانە و هاوبەشدا تێپەربین.

ئەوەی لەدرێژەی ئەم پەرتووکەدا تێیدەگەین و بەر هەستی بزوێنەرمان دەکەوێت، ئەوەیە کە بەرگرینامەکە گوزارشت لەبەها مێژووییەکان دەکات. ئەم بەرگرینامەیە گەلێک بەهای مێژوویی و مرۆڤانەیە و، دەروازەشی لەسەر فرە راستی ئاوەڵا کردووە و، هەروەکو زەریایەکی فرەوان قوڵپە، قوڵپە ئازادی و ئاشتی لێ هەڵدەقوڵێت و بە ئەندازەیەکی تریش گوزارە لەراستی و جوانییەکانی نیشتمان دەکات و پاراستنی جوگرافیاش دەکاتە ئەرکی سەر شانمان، کە هەمیشە پەرژینی دەوروبەری ئەو جوانی و بەهایانەی نیشتمانەکەمان بین و، بشبینە میر داس و، دروێنەی دڕک و داڵە زیانبەخشەکان بکەین. بێگومان ئەمەش تەنیا بەهێزێک بەرجەستە نابێت... تاوەکو تێکەڵ بە هاژە و، لرفەی ئاو و ئاگر و، ئەو دەنگە رەگ داکوتاوە و ئەو ئەشقە بەرینەی سەردەم نەبین، ناتوانین ئەم گوتانە لەخۆماندا بەرجەستەبکەین.

بەکورتی پەرتووکی (لەدەوڵەتی راهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانیەتی دیموکراسیانە) لەنووسینی بەرێز ئۆجەلان بۆ ئێمە رۆشن کردنەوەی رۆژە بەتەم و مژ تەنراوەکانە، پۆشینی پۆشاکی سپی و، داماڵینی خامە رەش بەڵەکانە. بۆیە ئەرکی سەرەکی و پیرۆزی من و هەموو تاکێک لەئامێزگرتنی ئەم پەرتووکەیە و، تاتێینەگەین نەسرەوین..!

20/9/2002